# راسپاردەو داواکارییەکانی کۆنفرانسی ئازادیی رۆژنامەگەریی

راسپاردەو داواکارییەکانی کۆنفرانسی ئازادیی رۆژنامەگەریی لە کوردستاندا، کە گۆڤاری لڤین بە سەرپەرشتیی دەزگای گەشەپێدانی عێراقی بۆ پەرەپێدانی مرۆیی بۆ ماوەی چوار رۆژ لە ئوتێل ئاشتی لە شاری سلێمانی، لە بەرواری 23-2007/4/26 سازیدابوو.

1. دەبێت بەزووترین کات، حکومەت بڕیاری ئازادکردنی ئەو رۆژنامەنووسانە بدات کە لە زینداندانو دواتر لە رێی دادگاوە، کێشەو تۆمەتەکانیان یەکلاییبکرێتەوە.
2. پێویستە سەرچاوەکانی زانیاری بۆ رۆژنامەنووسان شەفاف بنو دامودەزگاکانی حکومەتی هەرێم رێگرنەبن لەبەردەم رۆژنامەنووساندا، لە پێناوی دەستخستنی زانیاری، ئەمەش بەپێی یاسایەك بچەسپێت.
3. لە کاتی مامەڵەکردن لەگەڵ رۆژنامەنووساندا، لە دەزگاکاندا، میزاجو عەقڵیەتی کەسیی رۆڵ نەبینێت.
4. دەبێت حکومەت لێپرسینەوە لەگەڵ ئەو لێپرسراوانەدا بکات کە بەبێ هیچ پاساوێك، توندوتیژی بەرامبەر رۆژنامەنووسان دەنوێنن.
5. پێویستە سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستانو هەموو گروپو رێکخراوەکانی تایبەت بە رۆژنامەنووسان، هەوڵبدەن رۆڵیان زیاتر بکەن بۆ داکۆکیکردن لە رۆژنامەنووسان بەرامبەر ئەو توندوتیژییانەی کە دەرهەق بە رۆژنامەنووسان دەکرێت.
6. دانانی دادگای ئیداری، بۆ لێپیچینەوە لە هەر پێشێلکارییەکی یاسایی کە بەرامبەر رۆژنامەنووسان دەکرێت.
7. بەهیچ شێوەیەك نابێت تەوقیفکردنی رۆژنامەنووسان بمێنێت، چونکە ئیهانەیەکی راستەوخۆیە بەرامبەر بە کاری رۆژنامەنووسی.
8. پێویستە پرۆژەیاسای کاری رۆژنامەنووسی لە پەرلەمانی کوردستاندا، بڕیاری لەسەر نەدرێت، تاوەکو جارێکی تر نەخرێتەوە بەردەم هەڵسەنگاندنی رۆژنامەنووسان.
9. نابێت بە هەر بیانوویەك بێت، تۆمەتی ناڕەواو کۆسپ دروستبکرێت لەبەردەم کاری رۆژنامەنووسییدا.
10. پێویستە راگەیاندنی حیزبی دەست هەڵبگرێت لەو هەڵمەتەی کە دژی میدیای ئازاد دەستی داوەتێ بە ناوی زمانی زبری راگەیاندنەوە.
11. داوادەکەین قەرەبووی ماددییو مەعنەویی ئەو رۆژنامەنووسانە بکرێتەوە کە رووبەڕووی پێشێلکاریی نایاسایی بوونەتەوە لەلایەن دەزگاکانی دەسەڵاتەوە.
12. داوادەکەین رۆژنامەنووسان بەشداریبکەن لە کۆبوونەوەی رۆژنامەنووسان کە لە رۆژی ئازادیی رۆژنامەنووسانی جیهانییدا لە بەرواری 2007/5/3 لە شاری سلێمانی سازدەکرێتو ساڵانە چالاکی ئەنجامبدرێت لەو بۆنەیەدا.
13. دەبێت سەرجەم کەیسی پێشێلکارییەکانی دەسەڵات بەرامبەر بە رۆژنامەنووسان لە زووترین کاتدا بگەیەنرێتە رێکخراوە ناوخۆییو نێودەوڵەتییەکان.
14. پێویستە داواکاری گشتی بەرپرسیاریەتی داکۆکیکردن لە مافی رۆژنامەنوسان لەئەستۆبگرێت.
15. داوادەکەین یاسایەك دەربچێت بۆ قەدەغەکردنی گرتنی رۆژنامەنوسانو تەوقیفکردنیان.
16. گرنگیدانی زیاتر بە خوێندن لە بواری رۆژنامەنووسیداو ئاسانکارییکردن بۆ رۆژنامەنووسان بۆ خوێندن لەو بەشەدا.
17. رێزگرتن لە ئەخلاقی رۆژنامەنووسی لەلایەن خودی رۆژنامەنووسانەوە.

18. ڕێزگرتن لە ڕۆژنامەفرۆشانو دابینکردنی شوێن بۆیان.

**کۆنفراسی ئازادیی ڕۆژنامەگەریی لە کوردستان**

2007-4-26